ژمارە ٦
تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧

# ستۆکهۆڵم

## پایتەختی جوانی

باوکی روان



ستۆکهۆڵم پایتەختی سویدە، بەگوێرەی بەڵگە رەسمیەکان لەساڵی١٢٥٢ دروستکراوە. بێرگێر یارد"birger jard" و"تێریکس کرۆنیکان"(trikskronitan) دوو کەسی بەناوبانگی ئەو کاتەی ستۆکهۆڵم بووینەو بە دامەزرێنەری دەناسرێن.

ستۆکهۆڵم لەسەرەتای ساڵەکانی ١٤٠٠ نزیکەی هەزار ماڵ بووە، ژمارەی دانیشتوان لەنێوان ٥٠٠-٦٠٠ کەسدا بووە. بەئاماری ساڵی ١٥٧٠ دانیشتوان ٩١٠٠ بۆ هەزارو سەد کەس بووە. لەساڵی ١٨٠٠ دانیشتوان ٧٥٠٠ حەوت هەزارو پێنج سەد کەس بووە. ئێستا ژمارەی دانیشتوان ١٩٣٢،٧٦٣کەسە.ستۆکهۆڵم لەرووی جوگرافیەوە،ناوچەیەکی ستراتیژیە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی شارەکانی تری سویدە.

هەرێمی ستۆکهۆڵم دەکەوێتە ناوچەی ((مێلەر))نویکی سێ یەکی دانیشتوانی سوید لەو ناوچەیەدا نیشتەجێن. هەرێمی ستۆکهۆڵم روو بەرەکەی (٦٧٨٥)کم٢ دووجایە، کە دەکاتە ١/٥٪ رووبەری گشتی وڵاتەکە لە ٢١٪ دانیشتوان لەستۆکهۆڵم دەژین.رووبەری ستۆکهۆڵم پێکهاتووە لە ٤٧،٤ ٪ دارستان و١،١٧٪زەوی کشتوکاڵی و ١٥،٨٪شاخاویی وبەرزایی و ٤،٤٪ ئاو، هەروەها ١،٦ ٪ تەنیا ١٣،٨٪ بۆ دروستکردنی خانوو بەرە دەگونجێت.

سروشتی رازانەوەی ستۆکهۆڵم بەجوانی ناسراوە، لە ٣٠٠٠٠ سی هەزار دوورگەو ٨٣٠ هەشت سەد وسی دەریاچە پێك هاتووە، ئەمانەش بەپرد بەیەکترەوە بەستراوەنەتەوە. کە ژمارەی پردەکان ١١٢٠ هەزارو سەد

وبیســـت پردە. دانیشتوانی ســـتۆکهۆڵم ١٨٠ لیتر ئاو بەکار دێنن، لەو کاتەی کارەبا گەیشـــتۆتە سوید زۆر بەدەگمەن نەبێت کارەبا لە ستۆکهۆڵم نەکوژاوەتەوە.

جوانتریـــن باخـــی نەتەوەیـــی جیهـــان لەســـتۆکهۆڵە رووبەرەکـــەی( ٢٠٠٠ )دووهـــەزار هێکتـــارە، گەرەتریـــن دەریاچـــەی ناوچەی((مێلـــە ڕێـــن)) و بەرزترین شـــاخ نـــاوی تۆرێن باریەی کە ( ١١١)مەتـــر بەرزە لەڕوی دەریا.( ٥٣ )پەنجاو ســـێ ناوچەی سروشـــتی هەیە کـــە رووبەری گشـــتیان (٤٩٠٢٠٠) هێکتارە(١٤١) ناوچەی پارێزراوی هەیە، بۆیان نیە دەســـتکاری بکەن. (٣٠)شی شـــوێنی پاراستنی گیانەوەرو باڵندەیان هەیە.ستۆکهۆڵم (٢٤٠)دوو سەد وچل کەنیسەی هەیەو (٢٦) شـــارەوانی پێکهاتووە . کە تەواوی پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابینکراوە.

زیاتـــر لە(١٠٠)ســـەد مۆزەخانـــە، کـــە بەناوبانگترینیان مۆزەخانەی نیشـــتمانیە، نزیکەی(١٠٠) هۆڵی هونەریشی هەیـــە. تونێل بانەی ســـتۆکهۆڵم جوانیەکی تری داوە بەم شـــارە، کە لە (١٠٠)سەد وێستگە پێك هاتووە و لەوانە (٤٦) وێســـتگەیان لەژێر زەویە. لەهەموو ستۆکهۆڵم(١٦) شانزە بنکەی پۆلیس هەیە.

پادشـــای ســـتۆکۆڵم زۆربـــەی کاتەکانـــی لە ســـتۆکهۆڵم دادەنیشێ،لەساڵی (١٥٢٠) دا قەتل وعامی بەرهەڵستکارەکانی خۆیکرد، ئەم قەتل و عامە بە((گۆمی خوێنی ستۆکهۆڵم) ناســـراوە، ئەم رووداوە وای کرد کە لەساڵی (١٥٢٣) پیاوێك بەناوی ((گۆســـتاڤ ڤاسە)) بێتە ناو ستۆکهۆڵم وخۆی بکات بەپاشـــا، کە بە گەورەترین پاشـــا ناسراوە. کۆشکی پاشا لە ستۆکهۆڵم لە (٦٠٥) شەش سەد وپێنج ژوور پێکهاتووە، کە بەگەورەترین کۆشکی پاشایانی جیهان دەژمێردرێت.بەڵام پاشـــای سوید هیچ دەســـەڵاتی سیاســـی نییە. درێژ ترین رۆژ لە ســـتۆکهۆڵم (٢٠)ســـەعات و(٣٧) خولەکە، کورتترین رۆژیش (٦) سەعات و(٤)خولەکە، گەرچی لەباکوری سوید رۆژێـــك رۆژ ئاوانابێ و شـــەوێکیش شـــەو دانایی(بەدیار ناکەوێت).

# ئەستێرەی بەخت

**کاور ٢١/٣-٢٠/٤**



زۆر هیلاك و مانـــدوو دیاری هەوڵبدە بۆ پشـــوودان سەفەرێك بکەی.

**گا ٢١/٤-٢٠/٥**



لـــە بـــواری ئیشـــەکەتدا ســـەرکەوتـــووی، بـــەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت فەرامۆش کردووە.

**دوانە ٢١/٥-٢٠/٦**



لەبازرگانیدا شارەزایی باشت هەیە و پێویستیت بە هاوڕێی باش هەیە.

**قرژاڵ ٢١/٦-٢٠/٧**



ماوەیەکـــی تـــر هەســـت بـــە ئاسودەیی زیاتـــر دەکـــەی، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتن بە کێشە دارایییەکانتەوە.

**شێر ٢١/٧-٢٠/٨**



حەزبەخۆدەرخستن دەکەی، بۆیە لەبواری کارەکەتدا خۆشەویست و جێی متمانەی هاوکارانت نیت.

**فەریك٢١/٨-٢٠/٩**



کەســـایەتی خۆت خەریکە لەدەســـت دەدەیت، هەوڵ بدە ئەوەندە کەسێکی خۆش باوەڕ نەبیت.

**تەرازوو ٢١/٩-٢٠/١٠**



ماوەیەکە زیاد لە پێویســـت خۆت مانـــدوو دەکەی، باری تەندروستیت باش نییە.

**دوپشك ٢١/١٠-٢٠/١١**



لەرووی داراییەوە بەرەو باشی دەچیت، پەلە مەکە لە بەدەستهێنانی سەروەت وسامان.

**کەوان ٢١/١١-٢٠/١٢**



هاوکاری خەلـــك بکە بۆ ئەوەی لەکاتی پێویســـت ئەوانیش هاوکارت بن.

**گیسك ٢١/١٢-٢٠/١**



خۆشەویســـتەکەت کومانـــی لە دڵســـۆزی تۆ هەیە، هەوڵبدە جێی متمانەو باوەڕی بی.

**سەتڵ ٢١/١-٢٠/٢**



دووری تۆ لە خۆشەویستەکەت مایەی نیگەرانیەتی، سەفەرەکەت سود بەخش دەبێت.

**نەهەنگ ٢١/٢-٢٠/٣**



هەوڵبدە باری دەروونیت ئـــارام بکەیتەوە و بڕیاری پەلە مەدە.